# سەرەتایەك بۆ یاخی بوون

## چاوپێکەوتن لەگەڵ پیربۆردیۆ

و. لە ئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئووف



ئەمەی خوارەوە وەرگێڕانی چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ پێشەنگی سۆسیۆلۆجستی فەرەنسی پیر بۆردیۆ. کاتێك کە لە 1ی مارتی 2001 پیربۆردیۆ گفتوگۆی لەسەر کاری ئەم دواییەی کرد کە بریتی بوو لە(بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە ئەوروپییەکان ) و دواتر لەبارەی ئانارشیزمەوە دواندمان و ئەم گفتوگۆیەی لێکەوتەوە.

***تۆ نوسیوتە هەرکەسێك پەیوەندی بە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبێت بەتایبەت ڕۆشنبیران و لێکۆڵەرەوان لە ئەمڕۆی ئەوروپادا، پێویستە کاریگەری خۆیان هەبێت(بۆ نمونە لە ناو ئەو بزوتنەوەیەدا). ئایا ئەمە بابەتێکی گشتی و فەلسەفییە کە تۆ وەك نوسەرێك کاری لەسەر دەکەیت؟**

–وەڵامەکەم هەم بەڵێو هەم نەخێریشە. بە بۆچوونی من بنەمای فەلسەفە لە کۆکردنەوەی ئەم ناونیشانەوە هاتووە: هەستەکان پێویستە ئەکتیڤ بن). ئێمە پێویستە هەوڵ بدەین بەوەی کە جیاوازییەك بدۆزینەوە لە نێوان ئەو کەسانەی کە ڕاڤەکارن و هەوڵی شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان نمونە لێکۆڵەرەوانی زانستە

کۆمەڵایەتییەکان و دەروونناسەکان و ئابوریناسان و... هتد) لەگەڵ ئەو کەسانەی لە بزوتەوەکاندا کاردەکەن. ئەمە بەڕاستی کارێکی یەکجار قورسە وەك ئەوەی ماوەیەکی زۆرە زۆرێك لە ڕۆشنبیران سەرقاڵی ئەم مەسەلەیەن بەتایبەت ئەو ڕۆشنبیرانەی کە پشتگیری بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکرد، یان ئەو ڕۆشنبیرانەی دەچونە ناو ڕیزەکانی پارتە کۆمۆنیستەکانەوە لە کاتێکدا پێشتر لە کەنیسەکانەوە پەروەردە ببوون. هەروەها بۆ شارەزایانی بواری ئابوری و کۆمەڵایەتیش ئەرکێکی گران بوو. تۆ پێویستت بە لێکدانەوەی ئەوە هەیە کە لە پشت تەفسیری ئابوریناسەکانەوە چ شتێك خۆی حەشارداوە.

*** بۆ بنیادنانەوەی ئەو پەیوەندییەی نێوان ڕۆشنبیران و زاڵ بوون بەسەر گومانی ئەو جۆرە زمانەی کە بەکار هاتوون ، لە تەفسیری ئاینییانەی مارکسیستەکانەوە کە بە زاراوەکانی وەك ئازادی و خۆشگوزەرانی مۆنۆپۆڵی ڕابەرایەتی کردنی خەڵکیان کردووە، تۆ پێویستت بە جۆرێکی تر لە زمان هەیە بەجیاواز لە زمانی بەرپرسی پارتەکان و یەکێتی بازرگانە بیرۆکراتەکان، وانییە؟**

—بەڵێ. ناکرێ هەموو کەس هەر بەو زمانە بدوێت کە پێشتر پێی دواون. خەڵکی نابێت چیتر وەك گێلێکی بریندار ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت. دروستبوونی یەکێتی بازرگانان و هەر دامەزراوەیەکی تری لەو جۆرە بە شێوەیەك لە شێوەکان فەرامۆشکردنی گوێڕایەڵییە لە دەسەڵات .بەرپرسی یەکێتی بازرگانان و ڕۆشنبیرە دۆگماکان تەنانەت لە گفت و قسەکانیشیاندا فەرمایشتەکانی دەسەڵات جێبەجێ دەکەن:ئەمەش لە ڕەفتاریاندا بە ئاشکرا دیارە. بەڵام چی بکەین لەگەڵ ئەو کتێبە کەمانەی کە هەرکەسێك بیانخوێنێتەوە هەست دەکات کاتی بە فیڕۆ نەداوە. ئەم هەوڵەش بۆ وەدەرخستنی زانیارییەکی ئاڵۆزە کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاسان نییە بە زمانێکی سادە دەربڕدرێت وە هەنگاو نان بۆ تێگەیشتن لەو ململانێ دیاریکراوە خوێندنەوەی جیاواز لەخۆ دەگرێت. لێرەدا بۆشاییەکی ترسناك هەیە لە نێوان خەڵکانی ڕۆشنبیر ئەو کەسەی کە من ناوی دەنێم خاوەن زاراوەی "مۆنۆپۆڵی جیهانی" لەگەڵ خەڵکی گشتی و باو کە ڕوناکبیر نین و لە ئاڵۆزی زمانەکان تێناگەن و تەنها دواکەوتەن. من بانگەشەی ململانێی نوخبەکانelites دەکەم بە جۆرێك کە خاوەنی بەرهەمهێنانی خود خۆی بێت. ئەمە ئەو خاڵەیە کە من هەمیشە لە دیراسەکاندا لەبارەیەوە دواوم.

*** تۆ لە کتێبەکەتدا بە شێوەیەکی دروست جەخت لەسەر ئەوە دەکەیتەوە کە ئەوروپا تەڵەیەکە یاخود ماسکێکە کە دەسەڵاتی بێ سنوری ئەمریکا و کۆمپانیای فرە نەتەوەکانی لە ژێردا شاراوەتەوە. بە هەر شێوەیەك بێت ئایا تۆ ئاژاتر نیت لەوەی کە پێشنیاری چارەسەر بکەیت؟ بە "ململانێ" بۆ " ئاڵوگۆڕی دیموکراسی" لە " دامەزراوە نادیموکراتەکاندا" بە مانایەك کە بەڕادیکاڵ کردن جێگەی لەناوبردنی پرۆژە ئەوروپییەکان بگرێتەوە.**

- ئەمڕۆ ئەوروپا بۆتە تۆڕێك بۆ هێزە ئابوری داگیرکەرەکان. ئەوروپا پێناسە دەکرا بە مۆدێرنە، لەم لۆجیکەدا مۆدێرنە دژ بە کۆنەپەرستی و کۆنزێرڤاتیزم و ناسیۆنالیزمە. لە ڕاستیدا ئێمە ئێستا لەبەردەم دوو ئەوروپادایین: یەکەمیان ئەوروپایەك کە خۆی جیادەکاتەوە لە ئەمریکا و بەو بەڵێنانە دەست پێدەکات کە لەسەر ڕەگەزەکان و هاریکاری"solidarity" وەستاوە، هاریکارییەك لەگەڵ جیهانی سێ و وڵاتە پێشکەوتووەکاندا.

دووەمیان ئەوروپایەك كە ئیستا لە بنیادناندایە كە ئەوروپای یەكەمی شاردۆتەوە نموزەجێكە لە ئەمریكا، بە مانایەكی تر ئەوروپایەك كە تەواو لە ئەمریكا دەچێت. ئەوە ئەو ئەوروپایەیە كە لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە وێران بووە و ئینهاری كردووە و پلانی دورخستنەوە لە ستراكتۆرەكان كە مۆدێلی بەریتانیا یاخود كەنەدا لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت : ئەمەش جۆرێك لە پێگەی دەسەڵات یاخود شارستانیەتێكی یەكگرتوو لەگەڵ پایتەختی ئەمریكادا نیشان دەدات. ئەم فۆرمەی ئەوروپا پێویستە بە ئاشكرا قبوڵ نەكرێت و ڕەخنەی لێ بگیرێت: ئەمەش ئەو فۆرمەیە كە ڕێگە نادات بە ئێرلەندە كە خزمەتگوزاریە مەدەنییەكانی خۆی بپارێزێت. بەڵام ئەم ململانێیە ناتوانێت لەگەڵ ئاستی كۆمەڵایەتی‌دا بەردەوام بێت. لە ئاستی كۆمەڵایەتی‌دا ئێمە پێویستە شەڕی ئەوە بكەین كە ڕۆڵی بوكەشوشەیەك ببینین، پیاوی بچوك وەك دوو دوژمنە هاوبەشەكەمان. ئەم ململانێیە پێویستە فۆرمێكی جیهانی وەربگرێت و بڵاو بێتەوە، بەڵام ئەمەش لە ئاستی ئەوروپادا هەیە كە كەسێك دەتوانێت هیوای ئەوە بخوازێت كە فۆرمێكی نوێی دامەزراوە و ڕێكخراو بدۆزێتەوە كە ڕێگە دەدات كە بەیەكەوە وێنا بكرێن بە تایبەت ئەو هێزانەی كە ئەمڕۆ ئەكتیڤن، یان هاندان و تەیاركردنێكی نوێ جا چ لەبارەی بازرگانیە یەكخراو و یەكگرتووەكانەوەبێت یان لە هەر شتێكی لەو بابەتەوە بێت.

*** ئەی لەبارەی ئەوەی كە تۆ زاراوەی (بزوتنەوەی كۆمەڵایەتی ئەوروپی) بەكار دەهێنیت؟ تۆ لەم بارەیەوە قسەیەك یاخود ئاخافتنێكت هەیە؟**

–ئێمە پێویستە ئەمە لەسەر سێ كۆڵەكە یاخود سێ هێز بنیاد بنێین:

یەكەمیان بە پرۆگرامێكی كۆمەڵایەتی فۆرمەڵە كراوە، كە بەشێوەیەكی سەرەكی لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ئەوروپا ئامادەكاری بەخۆوە بینیوە، كە بەشێوەیەكی هاوبەش كاری لەسەركراوە بەبێ گوێدانە پلەوپایە یاخود بە دەسەڵاتی ناوەندێتیی، ئەمەش سروشی وەرگرتووە لە دژە دەسەڵاتەكان و هەڵگری بیری ئازادیخوازەكان كە بڕوایان بە خۆبەڕێوەبردن هەبوو تەنانەت لەوانەش پێكهاتبوون كە ئەو زاراوانەشیان بەكار نەدەهێنا.

پایەی دوەمیان لەسەر پێكهاتەكانی یەكێتی بازرگانییە كۆنەكان فۆرمەڵە كراوە كە لە ڕاستیدا لە بەریتانیا دەرنەكەوتووە، بەڵام لە ئیتالیا و ئەڵمانیا ئامادەگی هەیە و بێ گومان پێویستە خۆیان نوێ بكەنەوە.

هێزی سێیەم پەیوەندی بەو لێكۆڵەرەوە ئەوروپی و جیهانیانەوە هەیە لە هەموو بوارەكاندا" ئابووری، كۆمەڵایەتی و زانستەكان بەگشتی" كە ئەوان پلانیان لەسەر شتە پێویستەكان داناوە بۆ كاردانەوە و بۆ هەنگاونان بەرەو گۆڕانی ڕادیكاڵانە لە سیستەمی كۆمەڵایەتی–ئابووری لە ئێستەماندا.

من وای بۆدەچم كە ئاوێتەبوونی ئەو سێ پایەیە لەوانەیە ئاویتەبوونێكی ناجێگیر بەرجەستە بكات، بەڵام كێ دەتوانێ گرەنتی یەكخستنی هەر ئاوێتەبوونێك لەو بوارەدا بكات؟ ئەمە مەسەلەكەیە.

*** بە گوێرەی ئەوەی كە تۆ زاراوەی هێزی سێیەم لە بزوتنەوەی كۆمەڵایەتیت بەكار هێناوە، تۆ نوسیوتە: ئێمە پێویستمان بە بەهێزكردنی زانستە وەدەست هاتووەكان هەیە لە گفتوگۆیەكی مەدەنیدا. ئەوانە بە شێوەیەكی تراژیدی نادیارن لە دانانی لایەنێك لە لایەنە پۆزەتیڤەكانی زانستی**

**گەشەپێكردندا، ئایا ئایدیای ئێوە مەترسی نییە سەبارەت بە ئەو تێكشكانەی كە زانست لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی" زانستێك بەبێ هۆشیاری"، وە مەترسی خولقاندنی زاناكان بە یەك كاتیگۆری لێكچوو، یەكخستنێك كە هاریكاری و بەشداریكردنەكانیان لەگەڵ هێزە كۆمەڵایەتییەكانی تردا كە لە جەنگدان بۆ گۆڕانێكی ڕادیكاڵانەی كۆمەڵگە؟**

–ئەوە ڕاستە: تۆ ناتوانی لەبارەی كاتیگۆری لێكچووی زاناكانەوە بدوێیت. ئەوان هەمویان پەیوەندیان بە بە بزوتنەوەی ئۆپۆزسیۆن و ململانێوە نییە. بێگومان تۆ پێویستە لە بارەی زانست و پسپۆڕەكانەوە هەڵگری گومان بیت، بەڵام ئەوە ئاسانترە گەر تۆ چەندین پسپۆرت لەگەڵ بێت.

لەپاڵ ئەمانەشدا، تۆ پێویستە لێكۆڵەرەوە ئازاكان، یان هەندێ جاریش خەمە ڕاستییەكانیان بناسیتەوە. وەك هەریەك لە ئێمە ئەوان پێویستان بە ڕێز و پێزانین هەیە وە بەبێ ڕێزگرتن هەندێك ئاراستەی هەستێكی دڵتەنگ وەردەگرن لە توڕەبووندا تەنانەت دژ بە فاشیزم– هەر شتێكی تر كە ئێمە لە ڕابردوودا بینیومانە.

***وا دابنێ تەنانەت ئەگەر ئێمە بەتەنها بڕوامان وابێت كە پێویستمان بە هاندان و ڕێكخستنی هەردوو بواری پلاندانان و بزوتنەوە سروشتییەكان هەیە، تۆ لەو بڕوایەدا نیت كە ئەو بزوتنەوانە بە هەمان ئاراستەی ڕابردودا دەڕۆن؟ ئێمە پێویستمان بەوە هەیە كە گوێمان لە بۆچوونەكانی تۆ بێت سەبارەت یەك لەو بزوتنەوانە كە بە ATTAC ناوزەند دەكرێت. بە بۆچوونی تۆ ئایدیای شەڕی ئابەكسانی ئابووری بە باجtax لەسەر سەرمایەی بزوتنەوەكان وەك شتێكی پلان بۆ دانراو شێوەیەكی یاسایی و هاندانە بۆ گەشەسەندنی قەبڵاندن؟**

–بەڵێ، من لەگەڵتام سەبارەت بە ڕاڤەكردنەكانت لەبارەی ATTAC یەوە. بەڵام بۆ گەڕانەوە سەبارەت بەوەی كە من چیم وت لەبارەی ئەوروپاوە ، ئەوە ڕاستە پرۆپۆزاڵەكانم فۆرمێكی ڕیفۆرمیستی وەرگرتووە. بەڵام ئەوە هەروەها شتێكە زۆر پەیوەندی بە چالاكییەكانەوە هەیە لەوانە وەك شێوازی چاوپێكەوتنەكان لە ڤییەننا و یۆنان و..هتد. ئەوە یۆتۆپیایەكە كە لە جوڵەدایە كە تەواو جیاوازە لە بزوتنەوەكان لەوانە بزوتنەوەیەكیوەك ATTAC.

ئەوە پەیوەندی بە بەگروپكردنەوەی مێلیشیاكان و بەرگریكەران و ئانارشیستەكان و هەموو یاخییە بەئاگاكانەوە هەیە. لە ڕێی ڕێكخستنەوە ئەوان دەتوانن ببن بە ئۆپۆزسیۆنێكی ڕاستەقینە. ئەوان ئاستی وشیاری خەڵك بەرز دەكەنەوە و لەبارەی مافەكانیانەوە بەئاگایان دەهێننەوە. بەڵێ لایەنی ڕەخنەیی لە كتێبەكەمدا زیاتر گەشەپێدراوە لە بەشی بنیادنەردا. تۆ ناتوانی بزوتنەوە كۆمەڵایەتییەكان بنیاد بنێیت لەدەرەوەی مۆدێلە كۆنەكان. چی دی شتێكمان نییە بەناوی بیریاری گەورە. بۆ من ئەوە زۆر بەسود بەدەر دەكەوێت بۆ وێناكردنی یەكتر و ڕێكخستنی ئەو هێزانەی كە لەیەكتر دەڕوانن، بۆ خولقاندنی فۆرمەكانی ڕێكخستن كە هانی لەدایكبوونی ئایدیا نوێیەكان دەدەن.